# هەڵەبجە

شارەکانی هەموو دونیا

لە قەڵەمی مێژوو نووسێک

کۆبووونەوە

چوونکە ویستیان

خۆیان لە هەگبەی مێژوودا بنوسنەوە!

شیلی ووتی:

ها ئەوە ڤیکتۆر گارایە (1)

هەر 10 پەنجە بڕاوەکەی

بکە بە گۆرانی و سروود

جەزائیر ووتی : ها ئەوە.......

خوێنی یەک ملیۆن شەهیدەو

پەنجەی عاشقانی زەوی خەناویکە!

فەلەستین ووتی : ئەوە بەرد..

قۆچەقانی........

بەیروت ووتی : ئەوە خوێن و شیعرەکانی کەنەفانی (2)

پاریس ووتی : ئەوە شۆڕش..

مۆسکۆ ووتی : ئەوە کیژی چاو بەڵەک و

بالێ و سەماو لارو لەنجە

قەڵەمی مێژوونووس ووتی : هیرۆشیما

ئەی شاری غەم !

بووکی مەرگ ....!

بۆ بێدەنگی ؟!

هیرۆشیما بە ئەسپایی

چارۆکەکەی دا بە کۆڵی هەڵەبجەداو (3)

بە چرپەوە بە قەڵەمی مێژوو نووسی ووت:

لە جیاتی من مێژووی شارێک بنووسەوە

لە ئەو کارخانەی مەرگەوە

لەو پایتەختی برپیارەوە

سوتێنراوە.....

منی سووتـان !!

مێژووی بـاخێک بنووسەوە

لە یەکەم ڕۆژی بەهارا

6000 هەزار گەڵای هەڵوەری و

بەهاری لێبوو بە وەرزی گەڵا ڕێزان!

گۆران عەلی/ بەهاری 1989
goranmad@hotmail.com

---

(1) ڤیکتۆر گارا:سروود بێژوو مۆسیقا ژەنی ئازادیخوازی شیلی، جەلادەکان هەر 10 پەنجەیان بڕییەوە هێشتا هەر نەیانتوانی بێدەنگی بکەن .

(2) غەسان کەنەفانی: شاعیرێکی لوبنانییە ،لە لوبنان تیرۆر کرا .

(3) پەندێکی کوردییە ژنی مێرد مردوو بە هاوڕێکەی دەڵێت : چارۆکەکەی من بکەنە کۆڵی تۆ ، واتە تۆش وەک منت لێبێت .